Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10232

# هۆکارەکانی نووسینی گەشتنامە و یاداشت لای گەڕیدە و دیپلۆماتکارە بەریتانییەکان (١٨٠٠_١٨٥٠)

**زاگرۆس ئەحمەد ولی، مەهدی محمد قادر**

بەشی مێژوو, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی صلاح الدین, هەرێمی کوردستانی عێراق

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

گەڕیدە,   دیبلۆماتکار,   بەریتانیا,   هۆکار, گەشتنامە

***Corresponding Author***

**Zagrosahmad8@gmail.com**

**Mahdi.muhammad86@yahoo.com**

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر چۆنییەتی هاتنی گەڕیدە و دیبلۆماتکارە بەریتانییەکان بۆ کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم و خستنەڕووی گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە ڕۆڵیان لە نووسینی گەشتنامە و یاداشتەکانیاندا هەبووە. پێکهاتەی توێژینەوەکە لە پێشەکیەک و دەروازە و شەش باس پێکهاتووە. دەروازەی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ چۆنییەتی هاتنی گەڕیدە و دیبلۆماتکارەکان بۆ کوردستان. باسی یەکەم تایبەتە بە هۆکاری ستراتیژی. باسی دووەم تەرخانکراوە بە خستنەڕووی هۆکاری سیاسی. باسی سێیەم تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی هۆکاری ئابووری. باسی چوارەم تەرخانکراوە بە خستنەڕووی هۆکاری زانستی. باسی پێنجەم تەرخانکراوە بە خستنەڕووی هۆکاری ئاینی. باسی شەشەم تایبەتە بە هۆکاری سیخوری وەک یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان لە پرۆسەی هاتنەکانیاندا بۆ کوردستان.

پەرەسەندنی چالاکی هاتنی گەڕیدە بەریتانییەکان بۆ کوردستان و نوسینی گەشتنامە و یادەوەرییەکانیان  بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا, وایکرد ژمارەیەکی زۆر لە گەڕیدە ئەوروپییەکان ئاراستەی گەشتەکانیان بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی بۆ کوردستان دەستپێبکەن, هەروەها وەک یەکێک لە پردەکانی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لێکدرایەوە.

هۆکار و ئامانجە شاراوەکانیان خۆی لە چەندین لایەنی جیاوازدا بینیەوە, کە لە ڕێگەیەوە توانییان خزمەت بە سیاسەت و ستراتیژی بەریتانییەکان لە کوردستاندا بکەن, لەو ڕێگەیەشەوە بەریتانیا هەوڵەکانی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەناوچەکە بەشێوەیەکی بەربڵاو خستەگەڕ, چەندین نێردەی تایبەتیان بۆ لێکۆڵینەوە و نەخشەکێشان بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکی و ڕاکێشانی کورد بۆ بەرژەوەندییەکان ئەنجامدا. هەر لەو بارەوە چەندین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییان دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و تۆبۆگرافی ناوچەکە بەشێوەی ڕاپۆرت بۆ سەرووی خۆیان بەرزکردەوە.

## پێشەکی

کوردستان بەهۆی پێگە جوگرافییە ستراتیژییەکەیەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا, هەر لە کۆنەوە جێگەی سەرنج و ململانێی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بووە. بەریتانیا وەک یەکێک لە دەوڵەتە زلهێزەکان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بە چڕی کەوتە هەوڵی ناسین و قایمکردنی پێگەی خۆی لە کوردستاندا. بۆ ئەو مەبەستە بە چەندین هۆکاری جیاواز پێش زۆرێک لە دەوڵەتانی تر لە ڕێگەی چەندین دیبلۆماتکار و مسیۆنێر و گەڕیدەوە ئاشنای ناوچەکانی کوردستان بوو.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە کە هۆکاری نووسینی گەشتنامە و یاداشتی گەڕیدە بەریتانییەکان شرۆڤە دەکات, پێکدێت لە: پێشەکی, دەروازە, شەش باس, دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان. دەروازەی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ چۆنییەتی هاتنی گەڕیدە و دیبلۆماتکارەکان بۆ کوردستان. باسی یەکەم تایبەتە بە هۆکاری ستراتیژی کە ڕۆڵی گەورەی لە

هەژموونی بەریتانییەکان لە کوردستاندا هەبوو. باسی دووەم تەرخانکراوە بە خستنەڕووی هۆکاری سیاسی وەک یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی دەرکەوتنیان. باسی سێیەم تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی هۆکاری ئابووری کە لە چوارچێوەی کاری لێکۆڵینەوە و گەشت و گەڕانەکانیاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. باسی چوارەم تەرخانکراوە بە خستنەڕووی هۆکاری زانستی و گرنگترین ڕەهەندە زانستییەکانی پشت گەڕان و سەردانەکانیان. باسی پێنجەم تەرخانکراوە بە خستنەڕووی هۆکاری ئاینی کە شان بە شانی هۆکارەکانی دیکە لە پرۆسەی هاتنی گەڕیدەکاندا ئامرازێکی کاریگەر بوو. باسی شەشەم و کۆتایی تایبەتە بە هۆکاری سیخوری وەک یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان لە پرۆسەی هاتنەکانیاندا بۆ کوردستان. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە پشتی بە چەندان سەرچاوەی جیاواز بەستووە لە ( کتێب, گۆڤار, نامەی ماستەربڵاونەکراوە, تێزی دکتۆرا بڵاونەکراوە) هەریەکە لەم سەرچاوانە بە زمانەکانی (کوردی, ئینگلیزی, عەرەبی, فارسی) بەکارهێنراون. ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشێک لە سەرچاوەکان بەتایبەت (یاداشت و گەشتنامەی گەڕیدە و دیبلۆماتکارەکان) گرنگییەکەیان لەوەدایە زۆر کۆنن, تەمەنی هەندێکیان نزیکەی دووسەد ساڵ دەبێت و بۆ زمانی کوردی وەرنەگێڕدراون.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەکەدا بەکارهاتووە, میتۆدی وەسفی شیکارییە, واتە ناوەڕۆکی گرنگترین هۆکارەکان خراوەتە بە باس و شیکردنەوە.

**کێشەکانی توێژینەوەکە:** سەرەکیترین کێشەی توێژینەوەکە, ئەوەیە ئایا گەڕیدە و دیبلۆماتکارە بەریتانییەکان لە نووسینەکانیاندا کەوتوونەتە ژێر کاریگەری هەستە دەروونییەکانیان, یان لە چوارچێوەی سیاسەتی داڕێژراوی حکومەتی بەریتانیا ناوەڕۆکی گەشتنامە و یاداشتەکانیان خستووەتەڕوو؟

توێژینەوەکە بەشێکی هەڵنجێنراوە لە نامەی ماستەر و پشت بەو گریمانەیە دەبەستێت کە بگات بە لایەنە گرنگەکانی تێڕوانینی گەڕیدە و دیبلۆماتکارە بەریتانییەکان و بەتەواوی لە ئامانجە شاراوەکانی پشت نووسینەکانیان نزیک ببێتەوە, هەروەها گرنگترین ڕەهەند و هۆکارەکانی هاتنیان بۆ کوردستان شیبکاتەوە و لەو ڕێگەیەوە ناوەڕۆکی هاتنەکانیان بە شێوەیەکی ورد و زانستیانە شرۆڤە بکات.

هیواداریین ئەم توێژنەوەیە بتوانێت ڕاژەیەک پێشکەش بە کوردناسی لە کوردستاندا بکات و یارمەتیدەری کردنەوەی ئاسۆیەکی تری توێژینەوە مێژووییەکان بێت.

**دەروازە:**

دەوڵەتە ئەورووپیەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم, بە گەرمی لەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لە ململانێدا بوون, سێ هێزی گەورە لەو بوارەدا ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان هەبوو, ئەوانیش هەریەکە لە (فەرەنسا و بەریتانیا و روسیا)بوون (ئەمین, ٢٠٠٠, ل١٣). بۆ ئەو مەبەستە بەریتانیا لە ناوچەکانی کەنداودا بەتەواوی جێگەی خۆیان کردبووەوە و بە دوای بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانەوە بوون, لەو پێناوەدا توانیبوویان ڕەوشی بازرگانی ناوچەکە بۆ خۆیان پاوان بکەن(منصوری, ١٣٧٦, ص٣٨). لەبەرامبەردا فەرەنساش بەهۆی (ناپلیۆن)ەوە کە لەسەر شانۆی سیاسی ئەوروپا دەرکەوتبوو, لەڕێگەی داگیرکردنی میسرەوە (١٧٩٨_١٨٠١) هەوڵیدەدا بەر بە هەژموونی بازرگانی بەریتانیا لەناوچەکانی هیندستان و کەنداو بگرێت, بۆ ئەو مەبەستە هەوڵەکانیان لەڕێگەی هاندانی ئێرانییەکان بۆ دەستگرتن بەسەر بەغدا و بەسڕە چڕکردەوە(محمود, بدون سال, ص٥٦). هەروەها هەوڵیان دەدا کاریگەری لەسەر دەوڵەتی عوسمانی دروست بکەن, بۆئەوەی دژی بەریتانییەکان بووەستنەوە(Shaw, 1976, p13). هاوکات ڕوسیاش لە هەوڵی بەردەوامدابوو بۆ گەشەپێدان و بەهێزبوونی پێگەی خۆی لەناوچەکانی باکوری ئێران و هەوڵی دەدا جیاووک و دەستکەوتی بازرگانی و ئابووری و سیاسی گەورە بەدەست بهێنێت(Ingram, 1981, p50).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم بیرۆکەیەدا, دیبلۆماتکارە بەریتانییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کەوتنە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەوەی چۆن بتوانن هێزەکانیان بە هەر ڕێگا و هۆیەک بێت بگەیەننە ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی, لەو ڕێگەیەشەوە ژمارەیەکی زۆر ئەفسەری سوپای کۆمپانیای هیندی_ ڕۆژهەڵاتی ئەرکی کۆکردنەوەی زانیاری وردیان دەربارەی عێراق و شام و کەنداو پێسپێردرا(نوار, ٢٠١٢, ل٢٠٩).

ململانێ و بەریەککەوتنەکانی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا لەناوچەکانی ڕۆژهەڵات لەچوارچێوەی کیشەی ڕۆژهەڵاتدا, بە پاشەکشەی فەرەنسییەکان و سەرکەوتنی بەریتانییەکان شکایەوە(محمد, ٢٠٠٠, ص١٧٨_١٧٩). لە بەرامبەر روسیاشدا, بەریتانیا بۆ زیاتر پتەوکردنی پێگەی خۆی لەناوچەکە, کەوتنە گرتنەبەری ڕێوشوێنی دیبلۆماسیانە[1], ئەوەبوو لەساڵی ١٨٠٢دا (هارفۆرد جۆنز) وەک باڵوێزی بەریتانیا لە بەغداد دیاریکرا, لە ئێرانیش (مالکۆلم) لە تاران ڕێگای کارکردنی بۆ خۆشکرا و دەستیکرد بە ئامادەکاریکردن بۆ دانوستاندن بەمەبەستی بە گرێدانی پەیماننامەی سیاسی و ئابووری (صالح, ١٩٦٨, صص٧٩_٨١). بەریتانیا پێیوابوو بەهێزبوونی هەژموونی ڕوسیا لە باکوری ئێران و سنورەکانی

دەوڵەتی عوسمانی, ڕێگە خۆش دەکان بۆئەوەی ڕوسیا بتوانێت بەشێک لە هەردوو وڵات داگیربکات, ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی مەترسی گەورە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە هیندستان و ئاسیای بچوک( Muhammad,2017, p42).

بۆ ئەو مەبەستە بە گرنگییەکی زۆرەوە دەستکرا بە دامەزراندنی نشینگەی بەردەوام, بەجۆرێک دەسەڵاتی کونسوڵگەرییەکانیش لەو کاتەدا بوون بە گەورەترین بنکەی دەسەڵاتی بەریتانیا لەناوچەکە[٢] (لونگریک, ٢٠١٩, ل٣٠٦). بەهێزبوونی هەژموونی بەریتانیا لەناو دەوڵەتی عوسمانی بەجۆرێک بوو, باڵوێزخانەکەی لە ئەستەنبول بەتەواوی پێگە و دەسەڵاتی زیادی کرد, زۆرجار ئاراستەی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر هەریەکە لە (فەرەنسا و ڕوسیا) دیاریدەکرد[٣] (عمر, ٢٠١٦, ص٢١). بەریتانیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە هیندستان, گرنگی بە هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی دەدا, بۆ ئەو مەبەستە هەوڵی دەدا ڕێگە لە هەژموونی وڵاتانی دیکە لەناو هەردوو دەوڵەتدا بگرێت(منصوری, ١٣٧٦, ص٤٩).

دەکرێت بڵێین دەرکەوتنی بەریتانییەکان لە ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی, زادەی چەند هۆکارێکی گرنگ بوون, کە بەشی زۆری هۆکارەکانیش بە ئامانجی فراوانبوونی دەسەڵاتی بەریتانییەکان بوون(Nash, 2011, p11). ئەو هۆکارانەی ڕۆڵیان لە نووسینی گەشتنامە و یاداشتەکانیان هەبوو, سەربارى هۆکارە و کەسیی و دەرونییەکان, بریتین لە هۆکارە ( ستراتیژی, سیاسی, ئابووری, زانستی و دۆزینەوەوە شوێنەوارییەکان, ئاینی و سیخوڕی)ییەکان, کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

## باسی یەکەم: هۆکارە ستراتیژییەکان:

گۆڕانکارییە سیاسییەکان و دەرکەوتنی هەژموونی بەریتانیا لەناوچەکە, وایکرد ماوەی نێوان ساڵانی (١٧٧٢_١٨٣٥), بە ماوەی وەرچەرخانی گەورە لە ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی لەهەریەکە لە هیندستان و دەوڵەتی عوسمانی دابنرێت, چونکە چڕبوونەوەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی لەو ناوچانەدا ڕۆژ بە ڕۆژ پێویستی زیاتری بە ناسینی مێژوو و کەلتور و ئاین و دابونەریتی ناوچەکە هەبوو, هاوکات زیاتر لەجاران پێویستی بە شارەزابوونی زمان و کەلتوری ناوچەکە هەبوو, بەتایبەتی کارمەندانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی و کونسوڵخانە و باڵوێزخانەکانیان(ئەحمەد, ٢٠٢١, لل٢٦٩_٢٧٠). ئەمەش سەرەتایەکی بەهێزی پرۆسەی هاتنی زۆرترین گەڕیدە و دیپلۆماتکاری بەریتانی بوو بۆ ئەو ناوچانەی کە مایەی گرنگپێدانیان بوو(عبداللة, ٢٠٠٧, ص٢٢), بەجۆرێک پەیتا پەیتا کاریگەری دەسەڵاتیان لەناوچەکە زیادی کرد, لەو ڕێگەیەوە خزمەتگوزارییەکی زۆریان بەو گەڕیدە و گەشتیارانە دەبەخشی کە بۆ ناوچەکە دەهاتن(لونگریک, ٢٠١٩, ل٣٠٦).

هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەناوچەکە بەربڵاو و فراوان بوون, چەندین نێردەی تایبەتیان بۆ لێکۆڵینەوە و نەخشەکێشان بەمەبەستی ئەنجامدانی دەریاوانی لە هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات نارده ناوچەکە, هەر لەو بارەوە چەندین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییان دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و تۆپۆگرافی ناوچەکە بەشێوەی ڕاپۆرت بۆ سەرووی خۆیان بەرزکردەوە(ئەحمەد, ٢٠١٤, ل٤٣), لە چوارچێوەی ئەو گرنگیدانەیان بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات, کوردستانیش وەک بەشێکی دانەبڕاو و گرنگ مایەی گرنگیدان و چاوتێبڕین بوو, لەو پێناوەدا چەندین دیبلۆماتکاری سیاسی و گەڕیدە گەشتی دوور و درێژیان بۆ کرد(خالفین, ٢٠١٧, ل٣٤), لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا, ڕێژەی ئەم گەشتانە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لەزیادبوون کرد, چونکە بەریتانییەکان پێیان وابوو ئەم سەدەیە سەدەیەکی زێرینە بۆ گەڕان و دۆزینەوەکانیان و گرتنەبەری هەموو ڕێگەیەک بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان(Edmonds, 1957, p19).

جێگەی ئاماژەیە لەگەڵ زیادبوونی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان, ڕێژەی گەشتەکانیشیان ڕووی لە زیادبوون کرد, لەگەڵ ئەوەشدا بەشی زۆری ئەو گەشتانە بۆ دوورکەوتنە لە ڕێگا دوور و ماوەزۆرەکان بوو بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگای نوێی بازرگانی بەتایبەتی لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا(صالح, ١٩٦٨, صص١٥١_١٥٩), بۆ ئەو مەبەستە بەشێکی زۆر لە گەشتەکان بەهۆی ئاسانی ڕێگا ئاوییەکانەوە ئەنجام دەدرا و لەو ڕێگەیەوە کەرەستەی بازرگانیان ئاڵوگۆڕ دەکرد, بەجۆرێک کەرەستەکانیان بە زەریادا دەهێنا بۆ ترابزۆن و لەوێشەوە بە ئەرزەڕۆم و بە کوردستاندا دەیانگواستەوە, بەمەش ڕێژەی کرێی هاتووچۆ و ماوەکەی بە تەواوی کەمیکرد(خەلفین, ٢٠١٧, ل٤١). گواستنەوەکان هەندێک جار بە پیادە لە ڕێگای کوردستانەوە بۆ ناوچەکانی خوارووتر دەچوون, بۆ ئەو مەبەستە بەریتانیا بۆئەوەی ڕێگای ئاوی لە کوردستان و عێراقدا بکاتەوە, هەوڵیدا پرۆژەی کەشتیوانی هەڵمی[٤] لە هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتدا جێبەجێبکات, بۆ ئەو مەبەستە زۆرێک لە دیپلۆماتکارە بەریتانییەکان لەو بڕوایەدا بوون ڕێگای عێراق(کوردستان) لەنێوان هیند و ئەورووپا جێگرەوەیەکی بەهێزی ڕێگەی (سوێس)ە, چونکە ماوەکەی لەو کورتترە و تێچووشی کەمترە( نوار, ٢٠١٢, ل٢٢٥).

لەو قۆناغەدا بەو پێیەی بەهۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانەوە دەوڵەتی عوسمانی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە وڵاتانی ڕۆژئاواوە هەبوو, وایکردبوو ژمارەیەکی بەرچاوی گەشتیار و دیبلۆماتکار

ڕوو لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بکەن( Muhammad,2017, p35). بەو هۆیەوە, (بارکەر_ Barker)کونسوڵی بەریتانیا لە حەلەب, یەکەم دیبلۆماتکاری بەریتانی بوو کە بەهای بەکارهێنانی کەشتی لە ئاوەکانی عێراقدا دۆزییەوە بۆئەوەی ڕۆژهەڵات بە ڕۆژئاوا ببەستێتەوە. ئەم پرۆژەیە لەسەر دەستی (جیمس تایلەر) کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە, ئەوەبوو تایلەر[٥] لەساڵی (١٨٣٠)دا گەیشتە عێراق و بە ڕوباری دیجلەدا بەرەو شاری بەغداد چوو, دواتر کەوتە لێکۆڵینەوە لە ڕووباری فورات و پیایدا گەیشتە شاری موسڵ(نوار, ٢٠١٢, ل٢٤٥_٢٤٦). ئەوەش ڕادەی گرنگیدانی بەریتانییەکان بۆ خاکی کوردستان پیشان دەدات, بەجۆرێک کاریگەری شوێنە ستراتیژییەکەی کە کەوتبووە دڵی ڕۆژهەڵاتی نزیکەوە, وایکردبوو وەک لایەنێکی کاریگەری پڕبایەخ لێی بڕوانرێت(محەمەد, ٢٠٢١, ل٢٦), چونکە بەشی زۆری سنووری هاوبەشی خاکی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بەناو خاکی کوردستاندا تێپەڕدەبوو, هەروەها کوردستان کەوتبووە سەر ڕێگەی ویلایەتی بەغدا کە شارێگەی دڵخوازی بەریتانییەکان بوو, بەوجۆرە خاکی کوردستان وەک لایەنێکی گرنگی پاراستنی بەرژەوەندی بەریتانییەکان چاوی لێدەکرا(منصوری, ١٣٦٧, ص٦٠).

## باسی دووەم: هۆکارە سیاسییەکان.

هۆکاری سیاسی وەک یەکێک لە هۆکارە دیارەکانی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتناسی, لە یەکەم هەنگاویدا بریتییە لە ئاشنابوون بە لایەنە ستراتیژی و ئابووری و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی لەڕووی سیاسییەوە گرنگی پێدەدرێت (النبهان, ٢٠١٢, ص١٥). لەسەر ئەو بنەمایەدا بایەخی سیاسی و ستراتیژی کوردستان وایکرد بەشی زۆری ئەو گەڕیدە و دیبلۆماتکارانەی هاتوون بۆ کوردستان, هەڵگری هۆکاری سیاسی بن و لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا پەرە بە چالاکییەکانیان بدەن و لەو ڕێگەیەشەوە نووسینەکانیان تۆمار بکەن. بۆ نموونە لەو سەروبەندەدا (جۆن مالکۆلم) گەشتێکی فراوانی بۆ ناوچەکانی لوڕستان کرد, دواتر بۆ کرماشان[٦], لەوێشەوە دەچێتە شاری بەغدا سەردانی ماڵی ڕیچ دەکات[٧], مانەوەی لە بەغدا بۆ ئەوەبوو کە دەیویست لەڕێگەی دەسەڵاتدارانی بەغداوە ئاگاداری ڕەوشی سیاسی ناوچەکانی کوردستان بێت و بە ڕاپۆرتی سیاسی سەرووی خۆی ئاگادار بکاتەوە(Kaye, 1856, p44).

ولیەم هیود(١٧٨٩_١٨٢٥) لە ساڵی ١٨١٧ بەمەبەستی گەیاندنی ڕاسپاردەیەکی سیاسی بۆ ئەستەمبول دێتە کوردستان, لەوبارەوە دەڵێت: ' هاتووینەتە ناو وڵاتێکی نەناسراو, بەهۆی ئەوەی هیچ زانیارییەک لەسەر ئەم گەلە نیە[٨], تەنانەت لەسەر نەخشە هیچی لەسەر تۆمار نەکراوە, من بە تەواوی ناتوانم باسی دابەشبوونە جوگرافییەکانی کوردستان بکەم, ئەم وڵاتە زۆر نەناسراوە, بۆیە هەوڵدەدەم زانیاری ورد و تەواویان لەسەر تۆمار بکەم' (Heude, 1819, pp192,210), لێرەدا باسکردن لەسەر ڕەوشی سیاسی کوردستان و عوسمانی لەناو نووسینەکانی هیوددا دەبێتە کەرەستەی نووسین و لە چەندین بەشی یاداشتەکانیدا ئاماژەی بۆ دەکات.

هۆکارە سیاسییەکان وەک کەرەستەی نووسین ڕۆڵێکی گەورەیان لە نووسین و تۆمارەکانیاندا بینی, بۆ نموونە جیمس ڕیچ(١٧٨٧_١٨٢١)لە ساڵی ١٨٢٠, بەناوی گەشت و ناجێگیری باری تەندروستیەوە, گەشتێک بۆ کوردستان دەکات, لە چەندین شوێندا لەگەڵ میری باباندا محمود پاشا(١٨١٣_١٨٣٤), باسیان لە ڕەوشی سیاسی کردوە, هەروەها دەربارەی ڕۆڵی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لە دامرکاندنەوەی خواستەکانی ئەورەحمان پاشا(١٧٨٩_١٨١٣)ی میری پێشووی میرنشینەکە و ململانێ و کەوتنی میرەکانی کورد گفتوگۆییان کردووە( Rech, 1836, p89). هەروەها کاربەدەستی کرماشانیش داوای لە ڕیچ کردبوو ژمارەیەک ئەفسەری بەریتانی و چەکی بۆ ڕەوانە بکات, ڕیچ پێشوازی لەم داواکاریانە کرد و ئامادەیی دەربڕی(نوار, ٢٠١٢, ل٢١٣), تەنانەت لەسەروبەندی گەشتەکەشیدا بۆ سلێمانی, سەردانی سنە و سەردەشت و بانەی کرد( Rech, 1836, p244), نزیکایەتی نێوان کاربەدەستی کرماشان و ڕیچ بۆ ئەوە دەگەڕایەوە, هەردووکیان هاوهەڵوێست و دژی داودپاشای والی بەغداد بوون(زکی, ١٩٥١, ص١٤٣).

ساڵی ١٨٣٤ بێلی فرایزەر(١٧٨٣_١٨٥٦), بۆ هەڵسەنگاندنی باری سیاسی ناوچەکە و پەیداکردنی دۆست و بۆ بەریتانییەکان و دروستکردنی پڕوپاگەندەی سیاسی دێتە کوردستان, ویستویەتی بەم سەردانەی کاریگەری ناڕاستەوخۆ لەسەر میری سۆران محەمەد پاشا(١٧٨٤_١٨٣٧) دابنێت, دیارە یەکێک لە مەبەستی هەوڵەکانی بۆ بینینی میری سۆران, ڕێگری و ساردکردنەوەی لە هێرش و فراوانخوازییەکانی بوو[٩], بەڵام چاوپێکەوتنەکەی بەهۆی سەرقاڵی و پەلامارەکانی میر محەمەدەوە بۆ نارەخسێت(Fraser, 1840, p67). هەر سەبارەت بە ڕووداوە سیاسییەکانی دوای ڕوخاندنی دەسەڵاتی محەمەدپاشا, (ڕاونلسۆن) نامەیەک بۆ (جۆستن شیل) دەنێرێت, ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەهۆی هەوڵی بەریتانییەکانەوە, توانراوە ئارامی ناوچەی ڕەواندز لەڕێگەی والی بەغداوە دەستەبەر بکرێت, بنەماڵەی میری سۆرانیش لە خۆرئاوای ڕووباری دیجلە شوێنی مانەوەیان بۆ دابینبکرێت( Rawlinson, 1872, p617). ئەمە لەکاتێکدایە خودی جۆستن شیل(١٨٠٣_١٨٧١), لەساڵی ١٨٣٨, لەڕێگەی تەبریزە بەمەبەستی ئاگاداربوون و زانینی ڕەوشی سیاسی

کوردستان دێتە ناوچەکە, (شیل) خوێندنەوەی بۆ کورد بەجۆرێک بوو کە کورد یەکێکن لەو نەژادە شەڕکەرانەی بە قوڵی دژی هەریەک لە عوسمانی و ئێرانییەکان دەجەنگن, لەکاتێکدا ناوچەکانیان سەرەڕێگەی گرنگی ستراتیژی بەریتانییەکانە(Shiel, 1838, 54).

جیمس برانت(١٧٨٩_١٨٦٠) وەک یەکێک لە دیبلۆماتکارە بەریتانییەکان لە ساڵی ١٨٣٨ , بە یاوەری شاندێک و بە پێی خشتەیەکی پێشوەخت, بە ئامانجی دیاریکردنی ڕێژەی نەتەوەی ناوچەکە بەدیاریکراویش لەنێوان کورد و ئەرمەنەکان دێتە ئەرزەرۆم و دەست دەکات بە نووسینی گەشتنامەکەی, کۆمەڵێک وردەکاری گرنگ دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد تۆمار دەکات (Brant,1840, p34). بۆیە بەریتانییەکان بۆیان گرنگ بوو ئاشنای ئەوە بن لە داهاتوودا کێ بۆشاییە سیاسییەکانی ئەو ناوچەیە پڕ دەکاتەوە. تەنانەت لەسەروبەندی ناکۆکی سنووری نیوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی, یەکێک لە دیبلۆماتکارەکانیان بەناوی ڕاوڵنسون(١٨١٠_١٨٩٥) وەک ئەندامی دیاریکردنی سنوور, لە کەنداوی فارسەوە بە ناوچە سنوورییەکان تاکوو چیای ئارارات بە ویلایەتەکانی (بەسرە, بەغداد, شارەزور, موسل, وان و بایەزید)دا تێپەڕیبوو(جلیل, ١٩٨٧, ص١٤٠).

### باسی سێیەم: هۆکارە ئابوورییەکان:

هۆکاری ئابووری لە چوارچێوەی کاری لێکۆڵینەوە و گەشت و گەڕانی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسان, بە یەکیک لە هۆکارە گرنگەکانی ناسینی ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە دادەنرێت(اربری, ١٩٤٦, ص٨_١٠). چونکە زۆربەی ئەو گەڕیدە و دیپلۆماتکارانەی سەردانی ناوچەکانیان دەکرد, هەمیشە مەبەستی ئابووری لە پشت لێکۆڵینەوە و گەشت و گەڕانەکانیان بوو, هەوڵی ئەوەیان دەدا دەست بەسەر دامەزراوە دارایيە جیاوازەکان و بازاڕگە بازرگانییەکان بگرن. دەتوانین کۆمپانیای هیندی_ڕۆژهەڵاتی بەنموونە بهێنینەوە, کە لەو بوارەدا بازاڕێکی بەرفراوانی دەستەبەرکردبوو(مصطفى, ٢٠١٤, ل٢٨٠_٢٨١). ئەم کۆمپانیایە بۆ جێبەجێکردنی هەوڵەکانی زۆرترین گەڕیدە و دیپلۆماتکاری بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات دەنارد, لەو ڕێگەیەشەوە پلانی خۆنزیککردنەوە و کۆکردنەوەی زانیاری دەدا.

لە سییەکانی سەدەی نۆزدەهەم ئامانجی دەستگرتن بەسەر کورتترین ڕێگای گەیشتن بە هیندستان وەک بەشێک لە هەوڵەکانی بەریتانیا لەپێناو سەپاندنی دەسەڵاتی ئابووری خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی نزیک کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە, کوردستان وەک بەشێک لەو نەخشەیە یەکێک بوو لە ڕێگاکان(حاجی, ٢٠٠٧, ل٦٨). بڕینی ڕێگای ئاوی لە ڕێگەی هەردوو ڕووباری (دیجلە و فورات) و لە ڕێگەیەوە گەیشتن بە بەغدا و لەوێشەوە بۆ بەسرە[١٠], ئەو پرۆژەیەی بەریتانیا بەتەواوی گرنگی ناوچەکانی کوردستان دەردەخست, چونکە هاتووچۆی بەشێکی زۆری پرۆژەی کەشتیوانی بە خاکی کوردستاندا تێدەپەڕی, ساڵی (١٨٣٤) لە بەریتانیا ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ خەمڵاندنی بڕی تێچوونی ئەم پرۆژەیە پێکهێنرا, دواتر پەسەندکرا(Parliamentary Papers, 1834, p4).

کارەکانی پرۆژەی کەشتیوانی هەڵمین کەلتورێکی گەورەی دەربارەی گەشتەکان و لێکۆڵینەوە دەربارەی ناوچەکان بۆ بەجێهێشتین, زۆرترین گەڕیدە هاتنە ناوچەکە و دەستیان بە کۆکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوە کرد, چێسینی(١٧٨٩_١٨٧٢) خۆی لەکاتی هاتنی بۆ ناوچەکە گەشت بۆ کوردستان دەکات, بۆ ئەو مەبەستە سەردانی تەرابزۆن و لەوێشەوە بۆ حەلەب, لەکاتی تێپەڕینی بە ئاوەکاندا, چەندین تێبینی و نووسراوی تۆمارکرد ( Chensney, 1850, p53. 91), هەروەها فریدریک فۆربس(١٨١٨_١٨٧٨) لەو چوارچێوەیەدا لە ساڵی ١٨٣٨ سەردانی موسڵ و شەنگالی کرد, زانیارییەکی زۆری دەربارەی ڕەوشی جوگرافی و ڕەگەزی ناوچەکە کۆکردەوە و لەمیانی نووسینەکانیدا گرنگی بە پێکهاتەی خاک و بایەخی ئاوی ڕووباری دیجلە دەخاتەڕوو( Forbes, 1839, p409. 414). هەر لەو چوارچێوەیەدا فلێکس جۆنس(١٨١٣_١٨٧٨), لەساڵی (١٨٤٤) هاتۆتە کوردستان و زانیاری و لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی پێکهاتەی ڕەگەزی و گرنگی باری ئابووری و بازرگانی خستوتەڕوو, ئاماژە بە گرنگی ڕێگای ئاوی ناوچەکە دەکات کە دەتوانێت کارئاسانی بۆ ڕێگای بازرگانی بەریتانیا بکات(Jones, 1846, p157). بەمجۆرە بەریتانییەکان بەهۆی هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی گەڕیدە و دیبلۆماتکار, دەستیانکرد بە نوسینی تێبینی و گەشتنامە و بۆ کاربەدەستەکانی سەروی خۆیان بەرزکردەوە, ئەوەش وایکرد لەڕێگەی زانیارییەکانیانەوە بازرگانی بەریتانی لە کوردستان بەرێژەیەکی گەورە گەشەبکات, شمەکی بەریتانی بازاڕی داپۆشی و تەنگی بە وڵاتانی دیکە هەڵچنی(خەلفین, ٢٠١٧, ل٤١_٤٢).

ئابووری کوردستان[١١] وەک لە گەشتنامەکاندا خرایەڕوو, لەبواری بازرگانیدا زیاتر جێگەی بایەخ بوو, چونکە زۆربەی گەڕیدەکان باسی ئەو ڕێگا بازرگانیانەیان دەکرد کە بە کوردستاندا تێپەڕدەبوون, پیشەسازی بچوکی ناخۆیی بە سەرنجەوە ئاماژەیان بۆ دەکرد, تیشکیان دەخستە سەر کانی خەڵوز و ئاسن و بەرهەمی خاوی ئەو ناوچانەی سەردانیان دەکرد(Muhammad, 2017, p27). بایەخدان بە ڕەوشی ئابووری کوردستان و پێگە ئابوورییەکەی لە بەرهەمی زۆربەی گەڕیدە و دیبلۆتکارەکان باسکراوە, لە نووسین و باسەکانیاندا وەک ڕەهەندێکی گرنگ ستراتیژی تیشکی خراوەتەسەر.

دەتوانین وەک پاڵنەرێکی گرنگی ڕاکێشانی گەڕیدەکان بۆ کوردستان ناوی بهێنین.

## باسی چوارەم: هۆکاری زانستیەکان و گەڕان بەدوای شوێنەواردا:

هۆکارە زانستی و دۆزینەوە شوێنەوارییەکان یەکێکی تر بوو لەو هۆکارانەی کە ڕۆڵی بەرچاویان لە تۆمارکردنی نووسین و یاداشتەکانیاندا هەبووە, چەندین لێکۆڵەر و گەڕیدە لەکاتی سەردانەکانیاندا, زۆرێک لە دەستنووس و بەڵگەنامە و کەرەستە شوێنەوارییەکانیان کۆدەکردەوە کاریان لەسەر دەکرد(مارف, ٢٠١٦, ل٥٦). جۆن مالکۆلم(١٧٦٩_١٨٣٣)یەکێک لە دەستنووسەکانی شەرەفنامە دەدۆزێتەوە, بەهۆی گرنگی و بەنرخی کتێبەکەوە ڕاستەوخۆ بۆ بەریتانیای دەگوێزێتەوە,(مستەفا, ٢٠١٩ ل٢٣٥), هەروەها بەکنهام(١٧٨٦_١٨٥٥) باس لە چیرۆکی شیرین و فەرهاد دەکات و بەوردی لە ڕاست و دروستی و شوێنەواری چیرۆکەکە قوڵ دەبێتەوە, سەردانی شوێنەواری ئەو ناوچانە دەکات کە چیرۆکەکەی تێدا دروستبووە. نووسەر خۆکوشتنی شیرین بۆ فەرهاد, بە هەمان چیرۆکی خۆکوشتنی (ڕۆمیۆ) لەسەر لاشەی (جولێت) بەراورد دەکات(بکنغهام, ١٩٦٩, ص٢٢٧). دۆزینەوەی ئەدەبیات و ئەفسانە کوردییەکان, مایەی گرنگیدانی ڕۆبێرت پۆرتەر(١٧٧٧_١٨٤٢) بووە, بەجۆرێک بەسەرنجەوە بەدوای ڕیشە و ڕاستی بابەتەکاندا دەچێت و هەوڵیداوە بەرگێکی زانستی بۆ بپۆشێت, ئەفسانە کوردییەکان بە چیرۆکی شکۆداری نەتەوەیی ناو دەبات(Porter, 1822, p168**,** 181). بەوەش دەردەکەوێت بەشێک لە گەڕیدەکان بە ویستێکی زانستی و بە مەبەستی گەڕانی زانستی کاریانکردووە, ئەفسانە کوردییەکان سەرنجی لێکۆڵینەوە نووسینەکانیانی ڕاکێشاوە.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا گەڕان و دۆزینەوەی شوێنەوارەکانی کوردستان, لەلایەن دیبلۆماتکار و گەڕیدەکانەوە ڕوماڵێکی گەورە و فراوانیان بۆ دەکرا, کەم ناوچەی شوێنەواری هەبوو سەردانیان نەکردبێت و لەسەریان نەنووسیبێت. ماکدۆناڵد کنییەر(١٧٨٢_١٨٣٠) لە ساڵی ١٨١٤ لەمیانی گەشتەکەیدا بۆ کوردستان, بە قوڵی باسی هێرشی (زەینەفۆن[١٢]) بۆ سەر کاردۆخییەکان دەکات, بەوردی بەدوای ئەو پردانەدا دەگەڕێ کە لەشکری یۆنانییەکان پیایدا بۆ کوردستان پەڕیونەتەوە, بە پردی سەر ڕووباری خاپور دەستنیشانی دەکات, کە یۆنانییەکان بە (نیکۆفۆریۆس_Nicephorius)ناویان هێناوە( Kinneir, 1818, p474). (فرایزەر) لە کاتی سەردانیکردنی میرنشینی باباندا, هەوڵێکی زۆر دەدات سەردانی شوێنەرەوارەکانی ناوچەی شارەزوور بکات, ئامانجی سەرەکی وەک خۆی باسی دەکات دۆزینەوەی شوێنەواری نوێ بووە, بەڵام میری بابان بەبیانووی بوونی کەسانی ڕێگر و چەتە لەسەر ڕێگەی شارەزوور ڕێگەی نادات شوێنەوارەکان بەسەر بکاتەوە( Fraser, 1840, p155_156). زۆری ڕاپۆرت و نووسراوی گەڕیدەکان, وایکرد لەساڵی (١٨٣٠)دا لە بەریتانیا کۆمەڵەیەک بۆ هاندانی لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان بەناوی (کۆمەڵەی جوگرافیای شاهانە_The Royal Geographical Society) لەژێر چاودێری حکومەتی بەریتانی دابمەزرێت( Simon, 2019, p426).

لەڕوانگەی گەڕان بەدوای شوێنەوارەکانی کوردستاندا, جیمیس ڕیچ کاتێک لە (لەیلان)ەوە دێتە شاری کەرکووک, دەرفەتی سەردانی قەڵای کەرکووکی بۆ دەرەخسێ, خەملاندن بۆ مێژووی قەڵاکە دەکات, هەوڵ دەدات هەموو ئەو زانیاریانە ساغبکاتەوە, کە خەڵکی کەرکووک لەبارەی قەڵای کەرکوکەوە پێیان وتبوو(Rich, 1836, p44). لەنێو ئەو گەڕیدانەی بەدوای شوینەوارەکانی کوردستاندا گەڕاون, ئۆستن هینری لایارد(١٨١٧_١٨٩٤) دەتوانریت بە دیارترین ئەو دیبلۆماتکارانە دابنرێت کە توانیویەتی مێژووی زۆرترین شوینەواری کوردستان بدۆزیتەوە و بڵاویان بکاتەوە. بەجۆریک (لایارد) لە دۆزینەوەی زانیاریی و وردەکاری شوینەوارەکانی موسڵدا, توانی بەهۆیانەوە لەساڵی (١٨٤٨) لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست بهێنێت و خەڵاتی (زێڕینی کۆمەڵەی جوگرافی شاهانە)ی پێبەخشرا( Malley, 1996, p155). لەمیانی بەدواداگەڕانەکانیدا, زانیاری تەواوی لەسەر شوێنەوارەکانی کوردستان لەنموونەی (سنە, باتمان, شەرگات), کۆکردەوە, چەندین پارچە شوێنەواری لەم قەڵایانەدا دۆزییەوە و بۆ بەریتانیای بردەوە, تەواوی زانیارییەکانی لەچوارچێوەی کتێبێکدا بەناونیشانی (نەینەواو و کەلاوەکانی: لەگەڵ سەربردەی گەشتێک بۆ مەسیحییە کلدانییەکانی کوردستان و ئێزدی یان شەیتان پەرستەکان), لە دوو بەرگدا لە لەندەن ساڵی ١٨٤٩ بڵاوکردەوە( Layard, 1849, p44**.** 68), ئەم کتێبە ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد, لەساڵی یەکەمدا تیراژی (٨٠٠٠)دانەی لێ بڵاوکرایەوە, هەر لە هەمان ساڵدا چاپی دووەمی بڵاوکرایەوە( Malley, 1996, p155). دەردەکەوێ زۆرێک لەو گەڕیدانەی هاتوون بۆ کوردستان, هۆکاری زانستی و دۆزینەوە شوێنەوارییەکان لە ئامادەکردنی بەرهەمەکانیاندا کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە.

## باسی پێنجەم: هۆکاری ئاینی:

هۆکاری ئاینی, شان بە شانی هۆکارەکانی دیکە, لە پرۆسەی هاتنی گەڕیدە بەریتانییەکان و تۆمارکردنی نووسینەکانیاندا هۆکارێکی گرنگ و ئامرازێکی کاریگەر بوو, چونکە لە پێناو

دەستکەوتنی پێگە و دەسەڵاتی خۆیان, هەوڵیاندا سوود لە کەمایەتییە ئاینییەکانی کوردستان ببینن, بەتایبەتی بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕێبازی پرۆتستانتی(حاجی, ٢٠٠٧, ل١٠٦_١٠٧). بۆ ئەو مەبەستە بەشێک لە بریکار و دیبلۆماتکارەکان سەرکردایەتی دژایەتیکردنی بڵاوبوونەوەی ڕێبازی کاسۆلیکیان[١٣] لە کوردستاندا دەکرد( Alexander, 1928, p32), ئەوانەی لەو بوارەدا ڕۆڵی گەورە و کاریگەریان دەبینی, مسیۆنەرەکان بوون[١٤], بۆ نموونە (گرۆفس[١٥]) یەکێک لەو مژدەدەرە پرۆتستانتیانە بوو کە سەردانی کوردستانی کردووە, کونسوڵخانەکانی بەریتانیاش بەتەواوی پشتگیریان دەکرد, لەو بوارەدا گرۆفس دەستیکرد بە کردنەوەی قوتابخانە بۆ فێرکردنی منداڵان و بڵاوکردنەوەی (کتێبی پیرۆز). چالاکییەکانی گەیشتە ناوچەکانی شەنگال و حەلەب و ماردین و موسڵ و لەلایەن تەواوی دیبلۆماتکارەکانەوە پشتیوانی لێدەکرا(Groves, 1869, pp50_76), لەماوەیەکی کەمدا توانی کاریگەری لەسەر کەمینە نەسرانییەکان بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی بەریتانیا ڕابکێشێت(ڕؤوف, ٢٠١٦, ص٣٤). هەر لەو بارەوە (ڕۆبێرت کیرۆزن) لە ساڵی ١٨٤٣ دێتە کوردستان, ئەوەش کاتێک لە کۆمسیۆنی هاوبەشی هەر چوار دەوڵەتی (عوسمانی, ئێران, بەریتانیا, ڕوسیا) بەمەبەستی چارەسەری کێشەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بەشداریدەکات, بۆ ماوەی ساڵێک لە کوردستان دەمێنێتەوە, لەماوەی مانەوەی لە کوردستاندا بە ئاشکرا لە یاداشتەکانیدا لایەنگری بۆ کریستیانەکان پیشان دەدات, بەجۆرێک (بەدرخان پاشا و خان عەبدال و خان مەحمود) بە هێرشکردنەسەر ئەرمەن و کریستیانەکان تۆمەتبار دەکات (Curzon, 1854, p90. 96).

یەکێک لە گرنگترین هۆکارە ئاینییەکان بریتی بوو لە گەڕان بەدوای ئەو شوێنەوارانەی کە لە ناوچەکە هەبوون و پشتگیری دەقەکانی ئینجیلیان دەکرد, ئەوەش بۆئەوەی بیسەلمێنن چیرۆکەکانی ئینجیل سەبارەت بە ئاشورییەکان و کۆشکەکانیان ڕاستی ڕووداوەکانی ناو کتێبی ئینجیل دەسەلمێنێت, ئەم شێوازەش لە کارەکانی (هێنری لایارد) لەکاتی ڕوماڵ و دۆزینەوەکانیدا بەتەواوی ڕەنگیدایەوە ( Larsan, 2009, p68). هەروەها ویلیەم ئەینسۆرز(١٨٠٧_١٨٩٦)بەهەمان شێوە لە ساڵی ١٨٣٧ کاتێک دێتە موسڵ ئاماری دانیشتوانی مەسیحی شارەکە دەکات, ئاینزاکانی مەسیحی لە شارەکە لەنێوان کاسۆلیکی و پرۆتستانتی تۆمار دەکات, ڕوماڵی کڵێسا و شێوە ژیانی مەسیحییەکان و مەترسییەکانی ژیانیان و شێوازی مامەڵەی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەریان تۆماردەکات, هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنیان دەخاتەگەڕ( Ainsworth, 1840, p128_130).

بە سەرنجدان لە گەشتنامەی گەڕیدەکان, دەتوانرێت دەستنیشانی ئەوەبکرێت, ململانێ و شەڕی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسیا, بە یەکێک لە فاکتەرەکانی نزیکبوونەوەی زیاتری گەڕیدە بەریتانییەکان لە ناوچەکانی کوردستان دابنرێت, چونکە لە سییەکانی سەدەی نۆزدەهەم, کاتێک سوپای ڕوسیا چەند جارێک دێتە ناوچەکانی (موش), بەمەستی ڕاکێشانی سۆزی ئەرمەنییەکان بۆ ئاینزای (ئەرسەدۆکسی), ئەمە وا دەکات, چەندین فەرمانبەر و دیپلۆماتکاری بەریتانی سەردانی ناوچەکە بکەن و کۆی ڕەوشی ناوچەکە شیبکەنەوە, لەو چوارچێوەیەدا (جیمس برانت) هاتە ناوچە ئەرمەنی و کوردییەکان(Brant, 1840, p348). ئەوەش سەرەتای کردنەوەی ململانێیەکی گەورەبوو لەنێوان مژدەدەرە مەسیحییە ئەرسەدۆکسی و کاسۆلیکی[١٦] و پرۆتستانتە بەریتانی و ئەمەریکیەکان, کە هەریەکەیان لە هەوڵی ئەوەدابوون کە مەسیحییەکانی کوردستان ڕابکێشنە ناو بازنەی هەژموونی خۆیانەوە(توفیق, ٢٠١٤, ص٥١), ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٣٨ کۆمەڵەیەکی مەسیحی بەناوی(کۆمەڵەی زانیاری مەسیحی_ Society Christian Knowledge) دامەزرا, کۆمەڵەکە هەریەکە لە (ئەینسۆرز و ڕەسام)ی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی نەستورییەکانی کوردستان ڕاسپارد, هەردوو ناوبراو جەختیان لەسەر خراپی بارودۆخی مەسیحییەکان کردەوە و داوایان کرد ژیانیان پارێزراو بێت و گرنگیان پێبدرێت(اسکندر, ٢٠٠٨, ص٢٣٨).

سەرباری ئەو لایەنانەی سەرەوە, بەشێک لە گەڕیدەکان جگە لە ئاینی مەسیحی, هەوڵیان بۆ نزیکبوونەوە لە ئاین و ئاینزاکانی دیکەی کوردستان دەدا, (فریدریک فوربس), بەوپێیەی ئێزیدییەکانی شەنگال سەر بە ئاینی ئیسلام نین, چەند هەوڵێکی بۆ ناسین و خستنەڕووی بیروباوەڕیان دا, بەڵام نەیتوانی زانیاری زۆریان لەسەر کۆبکاتەوە(Forbes, 1839, p424), نزیکبوونەوەی گەڕیدەکان لە ئێزدییەکان, لەسەر ئەو بنەمایەدابوو کە پێیان وابوو داب و نەریتی ئێزدییەکان زیاتر لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئاینی مەسیحیەتدایە( Layard, 1849, p101).

## باسی شەشەم: هۆکاری سیخوڕی:

هاتنی بەریتانیا بۆ کوردستان و خستنەگەڕی هەوڵەکانی بۆ فراوانبوونی بەرژەوەندییەکانی, وایکرد پێویستیان بەوە هەبێت ئاگاداری ڕەوشی گشتی ناوچەکە بن, بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەکی زۆر گەڕیدەی بۆ ناوچەکە نارد, بەشێکی زۆریان سەرباری ئەرکە دیپلۆماتییەکان, ئەرکی چاودێری و کۆکردنەوەی زانیاریشیان پێسپێردرابوو. لەپاڵ ئەوەشدا ئەرکی سەربازیشیان ڕادەپەڕاند بۆ نموونە (کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی) دوو ئەفسەری سەربازی بۆ ڕاهێنانی چەکدارانی کورد لە ساڵی ١٨٢٩ ڕەوانەی

سلێمانی کرد(الدوسکي, (٢٠٠٦), ص١٨٤), هەروەها هاتنی (ماکدۆناڵد کنێیەر) بۆ کوردستان و تۆمارکردنی هەموو وردەکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان, وایکرد لەپاڵ ئەرکە سیاسییەکاندا چاودێری ناوچەکەش بکات و زۆرترین زانیاری لەڕێگەی کاربەدەستانی ناوچەکەوە کۆبکەنەوە و لەڕێگای نەخشە و نیگارەکانیان تۆماری بکەن(Kinneir, 1818, pp371_392). هەروەها (بەکنهام) ئاماژە بەوە دەکات, لەکاتی تۆمارکردنی تێبینییەکانیدا بە وردی ئاگاداری ئەوە بووە کەس هەستی پێنەکات, چونکە هەستی بەوەکردبوو لەلایەن خەڵکییەوە چاودێری دەکرێت, ترسی هەبووە پێی بزانرێت و بە سیخوڕ تۆمەتباری بکەن, بۆیە لەکاتی گەڕانەکانیدا هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوو بەدوای شوێنێکدا بگەڕێت تێبینییەکانی تۆمار بکات(بکنغهام, ١٩٦٩, ص٢١٨).

گەڕیدە و دیپلۆماتکارەکان لەسەرەتای هاتنیان بۆ کوردستان, بەشێوەی تاک دەهاتن و زانیاری و تێبینییەکانیان تۆمار دەکرد, (ولیەم هیود), وەک یەکێک لەو دیپلۆماتکارانە دەژمێردرێت کە هەوڵێکی زۆری بۆ تۆماردکردنی زانیاری لەسەر کوردستاندا داوە و سەردانی هەر ناوچەیەکی کردبێت تێبینییەکانی تۆمارکردووە, گلەیی ئەوەش لە گەڕیدەکانی پێش خۆی دەکات کە زانیارییان لەسەر کوردستان تۆمار نەکردووە و بەشێکی زۆری هەوڵەکە کەوتووەتە سەرشانی خۆی(Heude, 1819, p192_193).

بەو شێوەی خرایەڕوو, یەکێک لە هۆکارەکانی تۆمارکردنی گەشتنامە و تێبینی گەڕیدەکان, کاری سیخوری بوو, لە سیەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە, بەهۆی قوڵبونەوەی ململانێ سیاسییەکانی نێوان بەریتانیا و ڕوسیا لە هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی, جوڵە سیاسی و دیبلۆماسی و سیخوڕییەکانی بەریتانیا لە کوردستان بەتەواوی پەرەی سەند[١٧], زیاتر لە جاران کەوتنە ناردنی نوێنەر و نێردە و کەسانی شارەزا و توێژەر و گەڕیدە و میسیۆنێر بەمەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تەواوی لایەنە سروشتی و مرۆییەکان بەمەبەستی داڕشتنی سیاسەتەکانیان لەناوچەکەدا(ئەحمەد, ٢٠١٤, ل٦٩_٧٠). هەر لەو بوارەدا بە چاو خشانێک بە تێبینییەکانی (د.ڕۆس) و (فرایزەر)دا, دەردەکەوێت کە مەبەستی هاتنیان بۆ کوردستان تەنها بەمەبەستی پزیشکی و سەردان و گەڕانی گەشتیاری نەبووە, بەڵکو کۆمەڵێک زانیاری گرنگی بازرگانی و سیاسی و ئابووریان لەسەر ناوچە کوردییەکان بەتایبەتی میرنشینی ئەردەڵان و هەردوو میرنشینی سۆران و بابان خستۆتەڕوو(Fraser, 1840, p67. 71). بەوجۆرە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم, بەریتانییەکان شارەزای تەواوی لایەنەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بوون, لەگەڵ زۆرترین سەرۆک هۆز و دەرەبەگی کورددا ڕێککەوتن و دۆستایەتییان پەیداکرد(خەلفین, ٢٠١٧, ل٤٤).

## ئەنجام:

1. هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ گەیشتن بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست, ئامانجێکی گەورەی ستراتیژی لە پشت بوو, ئەویش بریتی بوو لە ئەوەی چۆن بتوانن هێزەکانیان بە هەر ڕێگا و هۆیەک بێت بگەیەننە ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران.
2. بەشێکی زۆر لە ئەو گەڕیدە و دیبلۆماتکارانەی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بۆ کوردستان هاتوون, هەڵگری هۆکاری سیاسی بوون و دەیانویست لە ڕێگەی نووسینی گەشتنامە و یاداشتەکانیان پەرە بە چالاکییەکانیان بدەن و زانیاری سیاسی لەسەر کوردستان کۆبکەنەوە.
3. پاش خوێندنەوە و شیکار کردنی ناوەڕۆکی گەشتنامە و یاداشتەکانیان, ئەوە دەردەکەوێت کە مەبەستێکی سەرەکیان لە نوسینی تێبینی و گەشتنامەکان, بریتی بوو لە ئامانجی ئابووری بەوەی چۆن بتوانن لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە ڕێگەی کوردستانەوە دەستبگرن بەسەر کورتترین ڕێگای گەیشتن بە هیندستان, ئەوەش وەک بەشێک لە هەوڵەکانیان لەپێناو سەپاندنی دەسەڵاتی ئابووری.
4. هۆکارە زانستی و دۆزینەوە شوێنەوارییەکان وەک یەکێک لە هۆکارە گرنگ و هەستیارەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە تۆمارکردنی نووسین و گەشتنامەکانیاندا هەبوو, بۆ ئەو مەبەستە چەندین لێکۆڵەر و گەڕیدە لەکاتی سەردانەکانیاندا زۆرترین دەستنووس و کەرەستەی شوێنەوارییان کۆکردەوە بۆ بەریتانیایان گواستەوە.
5. لە پێناو دەستکەوتنی پێگە و دەسەڵاتی خۆیان, هەوڵیاندا سوود لە کەمایەتییە ئاینییەکانی کوردستان ببینن, بەتایبەتی بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕێبازی ئاینی پرۆتستانتی و پشتگیریکردنی ئەو کەمایەتیانەی کە هەڵگری ئەو ڕێبازە ئاینییە بوون.

هۆکاری سیخوری وەک هۆکارەکانی تر ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبوو لەوەی گەڕیدەکان بتوانن زانیاری لەسەر ئەو لایەنانەی کوردستان کۆبکەنەوە کە بە نهێنی پێیان سپێردرابوو.

## پەراوێزەکان:

[1] لەم قۆناغەدا ترسی بەریتانییەکان لە فەرەنسیەکان, ئەوەبوو کە فەرەنسییەکان لە دوورگەی (مۆریس)ەوە هێرش بکەنە ناو خاکی ئێرانەوە و دواتر پەل بۆ کەنداویش بکێشن(جاف, ٢٠٠٩, ل٩٨).

[٢] لە مارسی ساڵی (١٨٠٩)دا, بەرپرسانی ئێران بە پرۆژەکەی (جۆنس) سەبارەت بە گرێدانی هاوپەیمانێتی (ئەنگلۆ_ ئێرانی)ڕازی بوون, کە تیایدا بڕی کۆمەکێکی ساڵانەی دارایی بۆ

ئێران دەستەبەر دەکرد بە بڕی (١٢٠,٠٠٠)پاوەندی ئیستەرلینی. لەبەرامبەردا ئێران هاوکاری بەریتانیا دژی ڕوسیا بکات(صالح, ١٩٦٨, ص١٠٥).

[٣] دەوڵەتی عوسمانی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بەهۆی فشارە بەردەوامەکانی وڵاتانی ئەوروپا ڕووبەڕوی لاوازی ببۆوە, بەجۆرێک ئەم لاوازییە تەواوی لایەنەکانی دەوڵەتی گرتبووەوە, هۆکاری ئەم لاوازییەش بەهۆی شکستە سەربازییە بەردەوامەکانی بوو بەرامبەر ڕوسیا, ئەوەش وایکردبوو چەند پەیماننامەیەکی بەسەردا بسەپێنێت (المحامي, ١٩٨١, ص٢٢٩_٢٣٠).

[4] لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٨٢٠)دا, کەشتی هەڵم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ مەبەستی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەکارهێنرا, ساڵی (١٨٢٨) یەکەمین کەشتی هەڵمی گەیشتە کەنارەکانی ئەستەنبوڵ(Muhammad,2017, p35).

[٥] ئەوەی جێگەی سەرنجە, تایلەر دوای جێهێشتنی موسڵ لەلایەن چەند عەرەبێکەوە کوژرا, پرۆژەکە لەلایەن چیسینی و جۆرج تایلەر ئەرکی سەرپەرشتیکردنی کرا( Taylor, 1865, p21).

[٦] جێگەی باسە کرماشان لەوکاتەدا بنکەی مەشق و ڕاهێنانی سەربازانی ئێرانی بوو سەرپەرشتی ئەو سەربازگەیەش ژەنەراڵ(گاردن)ی فەرەنسی و ستافێکی تایبەتمەندی سەربازی بوون(صالح, ١٩٦٨, ص٩٨).

[٧] پێشتر و لە ساڵی (١٨٠٨) ڕیچ بە کونسوڵ لە ویلایەتی بەغدا دامەزرابوو, هەر لەوێش ژیانی خێزانی پێکهێنابوو(Alexander, 1928, 31).

[٨] پێش هیود, هەریەک لە (مۆرییەر, کێنیەر و بەکنهام) هاتبوونە کوردستان, بەڵام یاداشتەکانیان لەوکاتەدا بڵاونەکرابوونەوە و زیاتر لەشێوەی ڕاپۆرت بۆ وەزارەتی دەرەوە بەرزکرابوونەوە( Kinneir, 1813, Buckingham, 1827).

[٩] بەریتانیا لە هەوڵێکی تردا ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ( R. wood)ەوە پەیوەندییان بە میرمحەمەد کرد, بۆئەوەی خۆی ڕادەستی عوسمانی بکات, بەرامبەر بە لێخۆشبوونی لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە (سلێمان نوار, ٢٠١٢, ل١١٩).

[١٠] بیرۆکەی سەرەتای پرۆژەکە بۆ (جیمس تایلەر) دەگەڕێتەوە, دواتر لەلایەن (چیسینی) پرۆژەکە کاری زۆری لەسەر کراو و کەوتە بواری جێبەجیکردنەوە و توانرا لەڕێگەیەوە کۆمپانیای دەریاوانی هەڵمینی دیجلە و فورات دابمەزرێت, دوای چیسینی, (هێنری بلونج لینج) جێگەی چیسینی گرتەوە(David, 1909, pp240_246).

[١١] ئەفسەری سەربازی بەریتانی (T.S. Powell_سیدنی پاوڵ), کاتێک لە ساڵی ١٨٣٣ دێتە کرماشان, ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کوردستاندا خاوەن لەوەڕگایەکی زۆرە, هەروەها لەڕووی کشتوکاڵییەوە خاوەن زەوی دەوڵەمەند و بەرهەمی زۆرە کە بەشی خواردنی پێویستی ناوچەکە دەکات و لەڕووی سامانی ئاژەڵەوە دەوڵەمەندن(Powell, 1834, pp74_75).

[١٢] زەینەفۆن پاشای گریکەکان لە هێرشێکدا بۆ سەر ناوچەکانی میزۆپۆتامیا, بە خاکی کاردۆخییەکاندا تێدەپەڕێت و ڕووبەڕوی پەلامارێکی سەخت دەبێتەوە, بەشێکی زۆری جەنگاوەرەکانی دەکوژرێن. سەرگوزشتەی ئەو ڕووداوانە لە کتێبێکدا بەناوی ئەناباسیس تۆمار دەکات ( Xenophons, 2016, p230. 241).

[١٣] لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا, مەسیحییەکان لە ویلایەتەکانی (موسڵ, بەغداد, بەسرە) بڵاوبوونەوە, زۆرینەیان کە ڕێژەکەی دەگەیشتە ٧٥%ی مەسیحییەکانی عێراق, کەوتبوونە شاری موسڵ و ناوچە کوردییەکانی دەوروبەری(قادر, ٢٠٢١, ص٢٣٨).

[١٤] نووسین لەسەر مسیۆنێرەکان و کارە مژدەدەرییەکان, لەدەرەوەی سنووری کاری ئەم توێژینەوەیەن, بەڵام تێکەڵی و کاریگەری کارە ئاینییەکان لەنێوان دیبلۆماتکار و مسیۆنێرەکان وا دەکات لە چەند دێڕێکدا ئاماژەیان بۆ بکەین.

[١٥] گرۆڤیس لەساڵی (١٧٩٥) لە ئینگلستان لەدایک بووە, کوڕی پیاوێکی ئەنگلیکانی بازرگان بووە. لە لەندەن وەک پزیشکی ددان کاری کردووە, لەتەمەنی بیست و یەک ساڵی لەگەڵ ئامۆزاکەیدا هاوسەرگیری کردووە. لە میانی گەشتێکیدا بەناوی(بیرەوەری ئەنتۆنی نۆریس گرۆڤیس_ Mimoir Anthony Norris Groves), کە لەساڵی (١٨٦٩) لە لەندەن چاپکراوە , تێیدا سەربردەی گەشتەکانی دەکات لە ڕوسیاوە بۆ ئێران و لەوێشەوە بۆ بەغداد, لە میانیدا سەردانی کوردستان دەکات و زۆرێک لە ناوچەکانی بینیوە ( John, 2012, p23; Groves, ,P50. 75.

[١٦] کاسۆلیکەکان لەلایەن (ئیتالیا, هۆڵەندا, فەرەنسا) پشتیوانیان لێدەکرا(ڕؤوف, ٢٠١٦, ص٣٢).

[١٧] لە ڕاستیدا بەریتانییەکان چەند سیخوریان لەناوچەکە هەبوو, ڕوسەکانیش ئەوەندەیان هەبوو(نوار, ٢٠١٢, ل٢٢٦).

## سەرچاوەکان:


1. ئەحمەد, سامان حوسێن, (٢٠١٤), مێژووی کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانیدا(١٩٠٠_١٩٥٠), چ(١), خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە: هەولێر.
2. حاجی, کامەران محەمەد, (٢٠٠٧), کوردستان لە بازنەی کێشەی ڕۆژهەڵاتیدا ١٨٠٠_١٩٠٠, چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری: هەولێر.
3. خەلفین, ن. أ, (٢٠١٧), ململانێ لەسەر کوردستان, چ(١), ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی: سلێمانی.
4. لۆنگریگ, ستێڤێن هێمسلێی, (٢٠١٩), چوارسەدە لە مێژووی عێراق نوێ, و: ڕەسول بەختیار, ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە:هەولێر.

5. مارف, دیاری خالید, (٢٠١٦), هەژموونی ڕۆژئاوا بەسەر ڕۆژهەڵات لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسانەوە, سەنتەری زەهاو بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری: سلێمانی.

6. محمدئەمین, کامەران ئەحمەد, (٢٠٠٠), کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا ١٨٨٠_١٩٣٢, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی.

7. محەمەد, کامەران, (٢٠٢١), کوردناسی و مێژووی ژیانی ڕۆژانە, چاپخانە کارۆ: سلێمانی.

8. نوار, عبدالعزیز سلیمان, (2012), داود پاشا والی بەغدا, و: عوسمان عەزیز عەللاف, بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان: سلێمانی.

9. نوار, عبدالعزیز سلیمان, (٢٠١٢), مێژووی نوێی عێراق لە کۆتایی حوکمی داودپاشاوە تا کۆتایی حوکمی مەدحەت پاشا, و: عوسمان عەزیز عەللاف, بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان: سلێمانی.

10. جاف, حسن, (٢٠٠٩), کێشەی نێودەوڵەتان لەسەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا و ڕەنگدانەوەی لە کوردستاندا, گۆڤاری(مێژوو), ژمارە(١١), چاپخانەی منارە: هەولێر.

11. مستەفا, ئارام عەلی, (2019), دەرکەوتنی کوردناسی لە ڕوسیا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا, زانکۆی سلێمانی 'گۆڤار', ژمارە(٥٩), کانونی دووەم: سلێمانی.

12. Ainsworth, William, (1840), Travels and Reserches in Asia Minor, Mesopotamia, chldea, and Armenia, vol 2, printed by: John w. parker West strand: London.

13. Alexander, Constance, (1928), M, Bagdad in Bygone Days, Albemare Steetw: London.

14. Backingham, J. B, (1830), Travels in Assyria, Media, and Parsia, A Journey from Bagdad by mount Zagros, vol (1), new Burlington: London.

15. Buckingham, J. B, (1827), Travel Mesopatamia, Jurney from to Bagdad, new Burlington, vol(1): London.

16. Curzon, Hon Robert, (1854), Armenia A year at Erzeroom, and on the front_tiers of Russia, Turkey, and Parsia, Brother publisher: newyork

17. E. Ingram, (1981), Great Britains Great Game AnIntruction, , vol( 2), no (2), The International History Review: London.

18. Edmonds G. J, Kurds, (1957), Turks and Arabs, Politic Travel and research in North_Eastern Iraq 1919_1925, Oxford University press: London.

19. Forbes, Fredreick, (1839), A visit to the Sinjar Hills in 1838, with some Account of the sect of Yezidis, and of various places in the Mesopotamian desert, between the Rivers Tiger and Khabur, Journal of the Royal Geogaphical Society of London, vol (9), published by: Blackwell: London.

20. Fraser, J. Ballie, (1840), Travels Koordistan, Mesopotamia, Koordistan and Arab Trbes, vol (1), published by: Richard Rentle new Burlington: London.

21. Fraser. David, (1909), The Short Cut Route to India, Record of a Journey along the Route of the Baghdad Railway: London.

22. Groves, Anthony Norris, (1869 ) Memoir Anthony Norris Groves, from his Journals Letters 3E, Tract war house: London

23. Heude, William, (1819), A Voyage up the Parsian Gulf and A Journey Overland from India to England in 1817, printed by: strahm and spottiswoode printers: London.

24. Jonis, James Felix, (1848), Narrative of a Journey to the Frontier of Turkey and Parsia, through a part of Kurdistan: London.

25. Kaye, John William, ( 1856 ), Life and Correspondence of major sir John Malcolm late enyoy to Persia and governor of Bombay, vol(1), printed by: smith elder: London.

26. Kinneir, John Macdonald, (1818), Journey through Asia Minor, Armenia and Koordistan, in the year 1813 and 1814,vol( 2), printed by: John murray: London.

27. Layard, Austen Henry, (……..) Nineveh and its remain with an account of a visit to the Chaldaean Chrisians of Kurdistan, and the Yezidis, or devil_worshippers; and an inquiry into the manners and arts of the ancient Assyrians, vol (1), published by: John Murray: London.

28. Layard, Austen Henry, (1849), Nineveh and its remains: with an accont of a visit to the Chaldean Christians of Kurdistan, and the Yazidis, or devil worshippers, vol (2), published by: John Murray: London.

29. Mignan, R, (1839), Winter Journey Russia The Caucasian Alps And Georgia, across mount Zagros, by pass of Xenophon and the ten thousand greeks into Koordistan, vol (1), new Barlington: London.

30. Nash, Geoffry, (2011), Travellers to the Middle East from Bruckardt to Thesiger, Anthem Press: London.

31. Porter, Robert Ker, (1821), Travels in Georgia, Parsia, Armenia, Ancient Babylonia, during the years(1817_1818, 1819 and 1820), vol( 2), printed by: Longman Hurst: London.

32. Powell, T. S, ( 1854 ), Personal Narrative of a Journal through Part of Parsia in 1833_1834, Mdccx press: London.

33. R. A. Chenseny, (1850), The Expedition for the Survey of the Rivers Euphartes and Tigris. Carried on by the order of British Government in the year 1833_1837, vol (4): London.

34. Rich, Claudois James, (1836), Narrative of a Residence in Koordistan an on the site of Ancient ninevh with

journal of a Voyage down the tiger to Bagdad…, vol(1), printed by W Clowers and sons: London.

35. Shaw. S, (1976), History of the Ottoman Empire and Modern Turky(Empire of the Giza the Rise Dedine of the Ottoman Empire 1280_1800), Cambridge Universty: London.
36. Simon, Werrett, (2019), Introduction Rethinking Joseph Banks, Notes and Records, The Royal Society Journal of the History of Science: Lndon.
37. Xenophons Anabasis, (2016), T: Carleton L. Brownson, vol I, Hrvard university press: London.
38. Brant, James, (1836), Journey through A part of Armenia and Asia minor in year 1835, published by: Wiliy on behalf of the (Royal Geographical Society with the Institute of British) Geograpgers: London.
39. Brant, James, (1840), Notes of a Journey through a part of Kurdistan in the summer of 1838, published by: Wiliy on behalf of the (Royal Geographical Society with the Institute of British) Geograpgers: London.
40. John, Bjorlie, (2012), Groves Anthony Norris Bio, (Bibiical Resource) 29, 18 august, Plymouth Bretheren: London.
41. Malley, Shawn, (1996), Austen Henry Layard and the Periodical Press, Middle Eaetern Archaeology and the Excavation of (Caltural Identity in MID_WINE), vol (22), no (2), Published by: The Johns Hopkins University press: London.
42. Parliamentary Papers, (1834), xiv, no 478, , p1_6: London.
43. Rawlinson, H, (1872), Adress on the Toyal Geographical socity, of London, Delivered at the Anniversary Meeting on the 27th May: London.
44. Rawlinson, Henry, (1839), Notes on a March from Zahab at the foot of Zagros, along the mountains to Khuzistan and from thenc through the pruince of Luristan to Kirmanshah in the year 1836, The (Royal Geographical Socical Society) of London, vol (9), printed by: John Murray: London.
45. Shiel, J, (1838), Notes on a Journey From Tabriz, Through Kurdistan, Viavan, Batlis, Seert and Erbil, To suleimaniye in July and August, Jurnal of (The Royal Geographical Socical Society) of London, vol (8), published by: Black well: London.
46. T. Larsan, (2009), Austen Henry Layards Nineveh The Bibbe and Archaelogy in Victorian Britain, (Journal of Religios History), vol (33), no (1): London.
47. Taylar, J. G, (1865), Travel in Kurdistan with Notoces of the Sources of the Eeastern and Western Tigis and Ancient, Ruins in Their Nighbourhood, (Journal of the Royal Geographical Socity): London.
48. Muhammad, qadir Muhammad, (2017), Kurds and Kurdistan in The view of British Travellers in the Nineteenth Century, Thesis submitted for the degree of Doctor philosophy at the University Leicester: Leicester.
49. أربري, أ. ج, (1946), المستشرقون البريطانيون, ت: محمد الدسوقي: لندن.
50. أسكندر, سعد بشير, (2008), قيام النظام الاماراتي في كردستان وسقوطة مابين منتصف القرن العاشر والمنتصف القرن التاسع عشر, الطبعة الثانية, من منشورات بنكةى ژين: السليمانيه.
51. ألدوسكى, كاميران عبد الصمد, (2006), كردستان في العهد العثمانى في النصف الاول من القرن التاسع عشر, الطبعة الاولى, الدار العربية للموسوعات: بيروت.
52. ألمحامى, محمد فريدبك, (١٩٨١), تاريخ الدولة العلية العثمانية, دار النفائس: بيروت.
53. ألنبهان, محمد فاروق, (2012), الاستشراق, تعريفة, مدارسة, اثارة, المنظمة الاسلامية للتربية والعلوم والثقافة: الرباط.
54. بكنغهام, جمس, (1969), رحلتي الى العراق, ت: سليم طه التكريتي, ج(2), المجمع العلمي العراقي على نشرة: بغداد.
55. توفيق, هوكر طاهر, (2014), الكرد والمسألة الارمنية 1877_1920, دار الفارابي: بيروت.
56. جليل, جليلى, (1987), من تأريخ الامارات في الامبراتورية العثمانية, الطبعة الاولى, الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع: دمشق.
57. صالح, زكى, (1968), بريطانيا والعراق حتى عام 1914, الطبعة(الاولى), ساعدت جامعة بغداد على نشرة: بغداد.
58. عبداللة, سهام ربيع, (2007), الاستشراق, نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع: الاسكندرية.
59. عمر, يوسف حسين, (٢٠١٦), سياسة بريطانيا تجاة الدولة العثمانية 1839_1909, الطبعة (الثانية), دار نور للنشر: فلسطين.
60. قادر, مهدى محمد, (٢٠٢١), التعليم فى جنوب كوردستان فى العهد العثمانى الاخير ١٨٦٩_١٩١٨, مطبعه جامعه صلاحدين: اربيل.
61. محمد, نجاح, (2000), من معطيات المسألة الشرقية العربية 1256_1840, دراسات تاريخية 'مجلة' , ع(71_72), كانون الثانى: حزيران.
62. الطعمة, باسم خطاب, (1985) تغلغل النفوذ البريطانى فى العراق(1798_1831), رسالة ماجستير(م), جامعة بغداد, كلية اداب: بغداد.
63. رؤوف, الأ طارق, (2016), التبشير في كوردستان العراق في القرن التاسع عشر 1800_1900, رسالة الماجستير (غ.م), جامعة السليمانية, فاكلتي العلوم الانسانية: سليمانى.
64. منصورى, فيروز, (1376), استعمار بريتانيا و مسئلة اروندرود, جاب(1), مطالعات تاريخ معاصر ايران: تهران.
65. محمود, محمود, (بدون سال), تاريخ روابط سياسى ايران و انطليس در قرن نوزدهم, ج(1), چ(3), انتشارات أقبال: تهران.